گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 10, No. 2, pp. 292–300, June-2022*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ئەزمونی دارشتنەنەوەی فۆلكلۆر بۆ چیرۆكی منداڵان: لێكۆڵینەوەی پێوەرەكان

سەید مەهدی حسەینی

بەشی پەروەردەی زانكۆی كوردستان– سنە – ئیران، ئارش مێهرەبان، سنە – ئیران.

وەرگرتن: 2022/01 پەسەندکرن: 2022/04 بەلاڤکرن: 2022/06 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2022.10.2.925

**پوختە:**

ئەدەبی منداڵان بەشێكی گرنگ و بنەرەتیی گواستنەوەی ئەدەب و كولتووری هەر نەتەوەیێكە. لە زۆربەی وڵاتانی پێشكەوتوودا ئەدەبی منداڵان لەڕوی تیۆری و پراكتیكیەوە كاری لە سەر دەكرێت و لە ئاستێكی زانستیی بەرزدایە. ئەم بوارە لە كوردەواریدا زۆر كاری زانستی لەسەر نەكراوە و دەقی لێكۆڵینەوە زۆر كەمە. بۆ وێنە ئێمە نازانین چ كارێك لە سەر بنەمایان نموونەی دارشتنەوە لە كوردیدا كراوە و ڕێنوێنییەكان كامەیە. هەربۆیە هەوڵدرا بە كەڵك وەرگرتن لە لێكۆڵینەوەی گەلانی تر وێرای پێناسە و باس لە شێواز و بنەما و گرنگی دارشتنەوەی چیرۆك لە بابەتێكی فۆلكلۆر و نمونە هێنانەوە، تایبەتمەندییەكانی دارشتنەوە بخەینە بەرباس.

**پەیڤێن سەرەکی:** *فۆلكلۆر، دارشتنەوە، دنكەهەناری، ئەدەبی منداڵان.*

## ١ . پێشەکی:

فۆلكلۆر لە هەر كۆمەڵگایەك سەرچاوەی ئیلهام و داهێنان و نوێگەرییە. بەداخەوە لە ئەدەبی منداڵاندا لە كوردەواری دارشتنەوە دەگمەنە. ئێمە لە دارشتنەوەی[1] چیرۆكی فۆلكلۆری «دەنكە هەناری» ئەزمونێكمان بە دەست هێناوە و دەمانەوێت بە پێوەری زانستی هەڵی سەنگێنین و وەك نمونە بیخەینە بەردەست نووسەرانی بواری منداڵان.

بە ڕەچاوكردنی ئەوەی كە وشە و دەستەواژەكان لە هەر قۆناغێكدا بە هۆی گۆڕانی زمانی ئەدەبی، گۆڕانكاریی بەسەردا دێت، دارشتنەوە تەنیا گۆڕانی دەقی ئەدەبیی كۆن بۆ سەر زمانی ئەدەبیی هاوچەرخ نییە؛ بەڵكوو لەدایكبوونێكی دیكەیە كە لەگەڵ زمان و پێكهاتەی دەقی هاوچەرخدا ئاوێتە دەبێت و ناوەڕۆكێكی شیاو لەگەڵ زەوق و فام و ئەندیشە و باوەڕگەلی هاوچەرخدایە. بێگومان ئەدەبی كۆنی ئێمە بە تایبەت لە بەشی ئەدەبی زارەكی وەك: لایەلایە، مەتەڵ، چیرۆكیفۆلكلۆ و كایە-گۆرانی توانای زۆریان هەیە كە منداڵانیش بینە بەردەنگی ئەدەبی زارەكی و دەتوانێت ئیلهام بەخشی نووسەران و هونەرمەندانی بواری منداڵان بێت و دابڕێژرێنەوە. نووسەر بە ئیلهام وەرگرتن لە بەرهەمێكی كۆن (ئەدەبی نووسراوە یا فۆلكلۆر)بابەت، شكڵ و پێكهاتەكەی دەگۆڕێت و دایدەڕێژێتەوە. هاوكات دارشتنەوەی دووبارەی ئەم بەرهەمانە دەبێتە هۆكارێك بۆ وروژاندنی هەستی پرسیار لە مێشكی منداڵان بە ناسینی دەقی سەرەكیی ئەو بەرهەمە. لەم توێژینەوەدا بە هێنانی دەقی سەرەكیی چیرۆكی فۆلكلۆری كوردی "دنكە هەناری" هەوڵدراوە كە بەپێی پێوەرگەلی زانستیی دارشتنەوە ئەدەبی منداڵ و ئەو فاكتانەی كە بۆی دیاریكراوە (وەك بەدەست هێنانی بابەتێكی نوێ بە شوناسێكی سەربەخۆ، گۆڕانی دەقی كۆن (پەخشان)بۆ دەقێكی ئیمڕۆییانە، گۆڕان لە ناوەڕۆكی دەق، بەكارهێنانی تێكنیكی سادەنووسی و...) دارشتنەوەی بۆ بكرێت و بهێنرێتەوە سەر زمانێكی منداڵانە كە بە شێوازێكی فانتێزیا كە وەكوو باشترین شێواز لە بەشی دارشتنەوەی دەقگەلی چیرۆكیدا بەكار دەروات، دەقێكی سادەی منداڵانەی لێ دەربێت كە لەگەڵ حەز و تێگەیشتن و لایەنی دەرونی منداڵاندا گونجاو بێت.

بۆ ڕوونبوونەوەی بابەتەكە سەرەتا دەپەرژینە سەر باسی جیاوازیی نووسینەوە[2] و دارشتنەوە، پێگەی چیرۆكی دنكە هەناری لە پۆلێنبەندیی چیرۆكی فۆلكلۆر

[1]. Recreating

[2]. Rewriting

لە *ئینسایکلۆپیدیای چیرۆکە ئەفسانەییەکانی دنیا* و گێڕانەوەی ئەم ئەفسانە کۆنە لە کوردستان و وڵاتانی دیکەدا و دواتر بە لێکدانەوەی دەقی کۆن و دەقی داڕێژراودا بنەماکانی داڕشتنەوە لێکدەدەینەوە.

**١.١. نووسینەوە:**

بۆ پێناسەی نووسینەوە ئەگەر بەپێی وشە لێکیبدەینەوە، نووسینەوە لە وشەدا بە واتای نووسینەوەی دووبارەیە. لە دەستەواژەی ئەدەبیدا بە نووسینی دووبارەی چیرۆک یا بابەتێک دەوترێت کە بە زمانی کۆن، بێگانە یا لە چوارچێوەی شیعردا بێت، بە واتایەکی دیکە، لابردنی بەشگەلێک لەو دەقە و زیادکردنی بەشگەلێکی دیکە بەو دەقە، نووسینەوە دەوترێت. (بابوئی ملک رودی،١٣٩٢ :٩٦).

وتنەوە و دووبارەنووسی، شێوەیەکە وا تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی پێشوو دەپارێزێ، بێ ئەوەی کە هیچ جۆرە گۆڕانکاری و دەستێوەردانێکی تێدا ئەنجام بدرێت، بە مەرجێک زمانی دەقەکە ساکار دەبێت و لە گەڵ توانای خوێندن و تێگەیشتنی بەردەنگدا هاوتا بێت[3]. لە نووسینەوەدا هەست و بیرۆکەیەکی نوێ نییە؛ بەڵکوو زیاتر لە دەقدا ئاڵوگۆڕی زمانی بەدیدێت. هریس[4] و سندرز[5] لەو بڕوایەدان نووسینەوە هەمان قسەی ڕابردووە کە بە کەڵکی ئەمڕۆیش دێت، لەگەڵ زمان و پێکهاتەیەکی نوێدا دووبارە دەبێتەوە (مشیدی و غلامی، 1395: ١٣٠) واتە پێکهاتە و تایبەتمەندییە گشتییەکانی دەق وەک کەسایەتییەکان، ڕووداوەکان، شوێنەکان، و ناوەکان ناگۆڕدرێن و لە دەقی گێڕانەوەدالق و پۆپی زیاد دەبێت و لە دەقی سەرەکی ئاسانتر، بۆ ئەمڕۆ، دەبێت.

**١.١.١. ئامانجەکانی نووسینەوە:**

١. گوازتنەوەی کەشی مێژوو و فەرهەنگی کۆن بۆ منداڵان و مێرمنداڵانی ئەمڕۆ

٢. هاندان و جووڵاندنی منداڵان و مێرمنداڵان بۆ خوێندنەوە لە ڕێگەی دەقی شیاو و سەرنجڕاکێشەوە.

٣. ئامادەکردنی منداڵان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەزمونە جۆراوجۆرەکانی ژیانی داهاتوو، بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ناو دەقەکان.

٤. ڕاهێنانی خەیاڵی منداڵان و مێرمنداڵان لە ڕێگەی خەریک کردنی هەست و هزرەوە.

٥. پاراستنی بەرهەمی کولتووری لە ڕێگەی نوێکردنەوەوە.

**١.٢. داڕشتنەوە:**

ئەفسانە نوێیەکان بەرهەمی نوێ و خەلاقانەن کە هەندێک لەوانە ڕیشەیان لە دەقە کۆنەکاندا کوتاوە و هەندێکیان بە تەواوی بەرهەمی زەینی نووسەرن. بۆ وێنە، "پینۆکیوو" ئەفسانەیەکە ڕیشەی لە ڕاسە فۆلکلۆریەکاندایە، بەڵام "شازادەی بچووک" کەسایەتیی ئەفسانەیی نوێن کە بەرهەمی زەینی نووسەرانی خۆیانن. خاڵێک وا لە سەرەوەدا ئاماژەی پێدرا، هێزی فیکری و هونەریی داڕێژەرە کە ئەسڵ و بنەمای وەها کارێکی بەسەر ئەم خاڵەوە سەقامداوە. بێ هێزی فیکری و هونەری نە دەتوانرێت ئەفسانەیەکی نوێ و سەربەخۆ دروست بکرێت، و نە ئەفسانەیەکی نوێ و کاریگەر لە سەرچاوە کۆنەکانەوە بەدی بهێنرێت (یووسفی: ١٠٩) مەحموود حەکیمی لە کتێبی خۆیدا لەبارەی ئیلهام و خولقاندنەوەدا دەنووسێت" ڕیشەگەلی سەرەکیی ئەدەبی منداڵان لە ئاستی جیهاندا، لە فەرهەنگی عامیانەوە سەرچاوە دەگرن. کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگی عامیانە، بە شێوازی ئاسایی لەگەڵ نووسینەوەیدا دەستی پێکرد، دواتر بە درێژەدانی نووسینەوە، لە قۆناغگەلی تایبەتی مێژوویی بووە دەسپێکی ئیلهامی فیکری و خولقاندن." (حکیمی، ١٣٥٦: ٣١).

یەکێک لە شێوەکانی داڕشتنەوە ئەوەیە شاعێر یا نووسەر دەتوانێت لە دەقی کۆن یا هاوچەرخ ئیلهام وەربگرێت و هەر جۆرە گۆڕانکاری لە بابەتی پێشوودا دروست بکات. دەتوانێ کەسایەتییەکان بگۆڕێت؛ لە ئەرێنییەوە بۆ نەرێنی یا پێچەوانەوەی بکاتەوە، پاڵەوانێکی ئەفسانەیی یا مێژوویی بکات بە مرۆڤێکی ئاسایی، هەرجۆرە ئەندێشەیەکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و هەر جۆرە بۆچوونێک بخاتە ناو بابەتەکەی خۆیەوە. بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بەرهەمی پێشوودا بەدی دەهێنێت، بە جۆرێک ڕیشە یان نیشانەگەلێک لە بەرهەمی پێشوو لە بەرهەمی نوێدا دەبینرێت. (پایور، ١٣٨٠: ١٧٢).

---

3. وەک بەرهەمەکانی مەهدی ئازەر یەزدی لە فارسیدا (قصه های خوب برای بچه های خوب) و کۆمەڵە کتێبەکانی ساکار کراوە ( Simplified, book worms and stages series) لە ئینگلیزیدا.

4. Harris

5. Sandres

لە دارشتنەوەدا هونەرمەند بە ئیلهام وەرگرتن لە بەرهەمی کۆن، دارشتنەوەیەکی دیکە دەست پێدەکات و بەرهەمی سەرەتایی بە شێوازێکی دیکە دەخولقێنێتەوە. لەم شێوەدا نووسەر دەقە سەرەتاییەکە وەکوو بنەما دادەنێت و بەپێی سەلیقە و زەینی خۆی دیسانەوە دەیخولقێنێتەوە. بەم پێیە، دەتوانێت بیرۆکەکەی لە چوارچێوەی بنەماکانی چیرۆکدا بەکار ببات. (وەهابی و حسینی، 1396: ٣٠٥).

لە دارشتنەوەدا نووسەر بە وەرگرتنی کاریگەری لە دەقێکی کلاسیک و فۆلکلۆر، بەرهەمێکی سەربەخۆ دەنووسێت کە پێوەندییەکی تەواوی بە دەقی سەرەکییەوە نییە. لەوانەیە سەرچاوەی ئیلهامی نووسەر دەقێکی ئەدەبی، بینایەکی کۆن بێت، شێعرێک، تابلۆیەک، وێنەیەک، چیرۆکێک، ئەفسانەیەک، مەتەڵێک، حیکایەتێک، قسەیەکی خۆش، کایەیێک، دەقێکی مێژوویی و یان بەرهەمێکی فەرهەنگی بێت لە رابردوودا (یووسفی، ١١٢:1388).

"دارشتنەوە، بە واتای خولقاندنەوەیەکی نوێیە، لە دارشتنەوەدا گۆڕان و گۆڕانکاری لە شێواز، پێکهاتە و دەقدا پێکدێت. هونەرمەندی داڕێژەر کە دەتوانێت نووسەر، شاعێر، شێوەکار و ... بێت، لە بەرهەمێک ئیلهام وەربگرێت و بەرهەمێکی نوێ بخولقێنێت و بە خوێندنەوە و بیستنی، بکەوێتەوە بیر بەرهەمی سەرەتایی، بەڵام دەزانێت کە بەرهەمی ئێستا هەمان بەرهەمی پێشوو نییە (مشیدی، غلامی، ١٣٣:1395). بەرهەمی داڕێژراو بەرهەمێکی سەربەخۆ و نوێیە کە تەنیا هەندێک لە نیشانەکانی بەرهەمی پێشووی تێدا هێنراوەتەوە. دارشتنەوە نووسەر لە هەر جۆرە بەڵێنێک بەرانبەر بە بەرهەمی پێشوو دەرباز دەکات و دەتوانێت هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە بنەما، ناوەڕۆک و پێکهاتەی ئەو دەقە ئەدەبییە کۆنەدا ئەنجام بدات، کە خوێنەر تا رادەیەک هەست بە تام و چێژی ئەو دەقە کۆنە بکات و لەوەش دڵنیا بێت کە ئەم دەقە، دەقی کۆن نییە و نوێکراوەتەوە.

### ١.٢.١. گرنگیی دارشتنەوە:

مرۆڤەکان بەپێی هەلومەرجی تایبەتی ژیانی خۆیان، تەجروبەی نوێ بەدەست دێنن و تەجروبە پێشووەکانیان تەکمیل دەبێت. لە راستیدا بە گۆڕانی حەزەکان، تەجروبەکانی پێشوو کۆن دەبێت و چیدی بەپێی مەیلی رۆژ نین کە بتوانن بەکاربێن. ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە. لە بواری خواردن، جل و بەرگ، کەرەستەو پێداویستیی ژیان، تەکنەلۆژی، پەیوەندی و هەڵسوکەوت گۆڕانکاری بەردەوامە. لێرەوە مەیلی نوێبوون خۆی دەنوێنێت. ئەمانە دەبێتە هۆی بەکارهێنانی زمانی نوێ و لەبیرکردنی وشەو دەستەواژەی کۆن. ئەمە لە حاڵێکدایە زۆربەی وشە، دەستەواژە و دەسکەوتە کۆنەکانی هزری و کولتووری هەر کۆمەڵگایێک بەنرخن و پاراستنیان بۆ جیلی داهاتویش پێویستە.

گەرەنتی مانەوەی هەر جۆرێکی ئەدەبی بە خۆرێکستن لەگەڵ پێداویستی و حەزیهەنووکەیی پەیوەستە. دەستێوەردانی بەرهەمە پێشووەکان و خولقاندنی بەرهەمی نوێ، پشتیوانێکی بەهێزی مانەوەی ماکی هونەر دێتە ئەژمار (ذبیح نیا،١٣٩٣: ٥١). کتێبی کۆنی پەخشان و شێعریی ئێمە لێوانلێوە لە توانای چێژبەخشین و راکێشانی سەرنج. ئەدەبی گشتی ئێمە پڕە لە راس و ئەفسانەگەلێک وا لە رێگەی زارەوە لە رابردووەوە تا بە ئەمرۆ گوازراوەتەوە. بەڵام زاری کۆمەڵگا بە هۆی ئەو گۆڕانکارییەی باسمان کرد، بە خێرایی لە گۆڕاندایە و مەترسی ئەوە هەیە خەزینەی کۆنمان بێ تۆمارکردن لە ناو بچێت. بۆیە نووسینەوە و دارشتنەوە پێویستە و زۆر گرنگە.

منداڵان و مێرمنداڵان بە هۆی سنووری زمانی ئێستەیان ناتوانن بە شێوازێکی راستەوخۆ لە بەرهەمی زارەکی و نووسراوەی کۆن و کلاسیک کەڵکوەربگرن، کەوایە بۆ ئەوەی لەم بەرهەمانە کەڵکوەربگرن و هەروەها نوێبوونەوەی دووبارەی ئەم بەرهەمانە ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە ئەم بەرهەمانە لەبیر نەکرێن، دارشتنەوە و نووسینەوە پڕبایەخن.

بۆمان دەردەکەوێت کە دارشتنەوە، دەبێتە پردێکی پێوەندی لە نێوان مێژوویەکی کۆن، دەقێکی کۆن و چەمکێکی کۆن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان و ژیانی ئێستای ئەم سەردەمە و ئەو بەردەنگانەی کە هەست و حەز و خولیا و ئاوەزیان نوێبوونەوەی بەخۆیەوە دیوە. دارشتنەوە ئامرازێکە بۆ ئیمرۆییکردنی دەقە فۆلکلۆریکەکان و چێژبەخشکردنیان بۆ منداڵان.

### 1.2.2. بنەما و یاسای دارشتنەوە:

1. دارشتنەوە یانی هەڵگەڕاندنەوەی دەقگەلی کۆن یا هاوچەرخ ( شێعر یا پەخشان) بۆ دەقێکی ئیمرۆییانە بە دەستێوەردان لە ناوەڕۆک و واتا و تەواوی بنەماکان بەرهەمی پێشوو و گۆڕانی بۆ بەرهەمێکی تەواو

سەربەخۆ و نوێ کە لەگەڵ دەقی سەرەکیدا بە تەواوی جیاوازە.

2. لە داڕشتنەوەدا، نووسەر لە بابەتی سەرەکیی ڕاس و گێڕانەوە کۆنەکان ئیلهام وەردەگرێت و بابەتێکی نوێ بە شوناسێکی سەربەخۆوە دەخولقێنێت. بەو واتایەی کە زۆرترین کار لە شێوازی داڕشتنەوەدا، گۆڕینی بابەت و ناوەڕۆکی بەرهەمی سەرەکی و گۆڕین و دروستکردنی چوارچێوەیەکی نوێیە. بە جۆرێک وا لە داڕشتنەوەدا ڕوخساری ئوستوورەیی و قارەمانانەی ئەفسانەکان و حیکایەتە مێژوویییەکان و هاوشێوەی ئەوانە، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت کە بە خوێندنەوەی بەرهەمی داڕێژراو، بەرهەمی سەرەکی لە زەینی خوێنەردا وێنا دەکرێت.

3. بە پێچەوانەی نووسینەوە، لە داڕشتنەوەدا، داڕێژەر ڕێگەپێدراوە کە لە بابەتی کۆن ئیلهام وەربگرێت و هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە بابەت، کەسایەتییەکان، ناوەڕۆک و شتی وا دروست بکات. دەتوانێت کەسایەتییەکانی گێڕانەوە لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی یا پێچەوانەی بگۆڕێت؛ بەڵام بە تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی وا لە بەرهەمی پێشوودا دروستی دەکات، نیشانە و ڕیشەی لە بەرهەمی پێشوودا هەیە و ئەمە تەنیا خاڵێکە کە بەرهەمی داڕێژراو لە بەرهەمێکی خولقێندراو بێ نێوانجی جیا دەکاتەوە (ذبیح‌نیا عمران، 1393: 56).

### ١,٢,٣. تایبەتمەندی داڕشتنەوەی دەقی کۆن بۆ منداڵان و مێرمنداڵان:

– داڕشتنەوە هەم تایبەت بە دەقیکۆنە و هەم تایبەت بە دەقی هاوچەرخ.

– لە داڕشتنەوەدا بنەما، چوارچێوە و پێکهاتەی بەرهەمی پێشوو دەگۆڕدرێت.

– لە بەرهەمی داڕێژراودا شوێنپێ و ڕیشەی بەرهەمی پێشوودیارە.

– دانەر لە بەرهەمە پێشووەکان بۆ داڕشتن ئیلهام وەردەگرێت.

– لە داڕشتنەوەدا ناوەڕۆکی نوێ دەخوڵقێندرێت.

– لە ڕێگەی داڕشتنەوەوە دەقە کۆنەکان و فۆلکلۆر داگوازرێنەوە.

– دانەرێک سەرکەوتوو دەبێت بتوانێ دەقی داڕێژراو، لە ڕۆی زمان و چەمکەوە، هاوئاستی توانای زمان و تێگەیشتنی بەردەنگی ئەمڕۆ بەدی بێنێ.

## ٢. چیرۆکی دنکە هاریێ وەک نمونە:

لێرەدا وەک نمونە لە چیرۆکی "دنکە هەناری" کەڵکوەردەگرین بۆ پیشاندانی چۆنێتی داڕشتنەوە لە ئەدەبی منداڵاندا.

### ٢,١. دنکە هەناریێ و پێگەی لە ئەفسانە کوردییەکاندا[6]

دنکە هەناریێ چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردییە کە لە سیستەمی پۆلێنبەندیی ئارنە-تامسۆندا[7]پێکهاتووە لە دوو کۆد و تیپی جیاواز کە یەکێکیان دەبێت بە کۆدی B ٣٢٧ و کۆدی دیکەی ئەم چیرۆکە لەو سیستەمەدا ١٠٠٦ لە بەشی دێوی نەزان. دەستەیەک منداڵ دەچن بۆ کێو و بە دەست دێوێکەوە گیر دەخۆن و ئەو دێوەیش گەرەکیە کە بیانخوات و دواتر منداڵەکان لە دەستی دێوەکە ڕا دەکەن و لە ئاکامدا دێوەکەیش ناتوانێت منداڵەکان بخوات و لە ناو ڕووبارەکەدا دەخنکێت.

بنەما و ڕیشەی ئەم ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەورووپا و بە تایبەت لە وڵاتانی چک سلۆواکی و یۆنان و ئیتاڵی و ئاڵماندا کە کۆمەڵێک گێڕانەوەی زۆریان لەم چیرۆکە هەیە و گێڕانەوەیەکی بەناوبانگە لە ئەورووپادا و ئەم چیرۆکە لەوێیەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ڕۆژاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و لە کوردستانیشەوە بەرەو ئێران و پاکستان، تورکیا، عێراق، سووریا، گورجستان، وڵاتانی عەرەبی وەکوو عەرەبستان، قەتەر، کویەت دواتر بەرەو وڵاتی هێند، وڵاتانی ئەفریقی وەکوو مێسر، توونێس، ئەلجەزایر و وڵاتی مێکزیک و ڕووسیا و وڵاتانی دیکەوە دەگوزەرێت و بەرەو ئەو شوێنەی کە سەرچاوەی گرتووە دەگەڕێتەوە. ئەم چیرۆکە هاوشێوەییەکی زۆری هەیە لەگەڵ کۆدی A ٣٢٧ لەو چیرۆکەکەی کە کۆمەڵێک خوشک لە لای زڕدایکیانەوە بەخێو دەکرێن و دواتر دەیانبات بۆ دارستان و لەوێ وێڵیان ئەکات. چیرۆکی دەنکە هەناریێش هاوشێوەی ئەم چیرۆکەیە کە ئەمە واریانتێکی لەو مووتیڤەیە بۆیە لە پۆلێنبەندییەکاندا لە A٣٢٧ و لە B٣٢٧دا جێگیربوون، بەڵام لە ڕووی کارکردەوە جیاوازییان هەیە چون لەو

6. سپاس بۆ دکتۆر سینا ئەمانی ( دکتۆرای بواری فۆلکلۆر و پۆلێنبەندیی چیرۆکە کوردییەکان لە زانکۆی گوتینگێنی ئاڵمان) کە لەم بەشەدا یارمەتیدەرمان بوو.

7. Aarne–Thompson–Uther Index (ATU Index)

چیرۆکی کچ و زڕدایکەکەیـانـدا بە زۆر دەبرێن بۆ دارســـتان بەڵام لە چیرۆکی دنکە هەناریدا منداڵەکان بە خواست و ویستی خۆیان دەچن بۆ دارستان. بەڵام لە ڕووی کاراکتێرەوە هاوشێوەن تەنیا لە ڕووی مووتیڤ و ئەنگێزەکانیانەوە جیاوازییان هەیە (Enzyklopädie des Märchens,Band 3 (1981).

تـا بە ئێســـتـا لەم چیرۆکە بە زمـانی کوردی پێنج گێڕانەوەی لەبەر دەســـتی ئێمەدایە کە ڕەنگە ئەم گێرانەوانە زیاتر لەمانەی بەردەستی ئێمە بێت کە هێشتا بەردەســـتمان نەکەوتووە کە لە ئێســـتادا ئێمە دەتوانین ئاماژە بکەین بە پێنج لەو گێڕانەوانە کە ســـیانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان ( ناوچەی زرێبار و مەریوان لە ئاواییەکانی کاڵی سـەروو و دەرزیان) و دوانی دیکەیان لە باشـــووری کوردســـتاندایە. لێرەدا دەقی چیرۆکی دنکەهەنارێ دەهێنینەوە بە گێڕانەوەی خوالێخۆشـــبوو "حەبیبە مێهران" تەمەن ٨٥ ســـاڵ، دانیشـــتووی ئاوایی کانی سانان سەر بە شاری مەریوان، کە نووسراوەتەوە و لێرەدا دەهێنرێتەوە.

### ٢,٢. چیرۆکی دنکە هەنارێ:

ئەگێڕنۆ کە سێ کچ ئەبن کە هەرسێکیان خوشک ئەبن. یەکێکیـان نـاوی دنکە هەنـارێ ئەبێ. دنکە هەنـارێ لە هەرســـیانیان چکۆلەتر ئەبێ. ڕۆژێک لە ڕۆژان دایکی ســـێ کچەکە ئێژێ پێیان ئادەی کچەکان هەڵســـن بچن لەو هەردە کۆڵێ گەڵام بۆ بێنن تـا بیکەمە بەر ئەو حەیوانانە بیخۆن.

بەیـانی ئەو ڕۆژە دایکی کچەکـان بوخچەیەک نـان و کەرەیان بۆ ئەپێچێتۆ کە لە ڕێیا برســـییان نەبێت و کچەکانیش ئەکەونە ڕێگەی ئەو هەردە. کچەکـان وردە وردە لە ماڵەکەیان دوور ئەکەونۆ و ئەچنە ئەو هەردە بۆ گەڵاکردن. دنکە هەنـارێ کچێکی تەمەڵ ئەبێـت و هیچێ نـاکـات، هەر لە دوای خوشـــکەکانیتریۆیەتی و خوشـــکەکانیشـــی بانگی لێ ئەکەن: "دنکە هەنارێ دنکە هەنارێ، بێ بەڕێیا، ئەبێ نەبێ بە شەو خۆمان گەیەنینۆ ماڵۆ، ئێسە دایکمان تەمایەرمانە."

خوشـــکەکانی دنکە هەنارێ خەریکی کۆکردنەوەی گەڵا ئەبن و دنکە هەنـارێیش هیچێ نـاکـات. خوشـــکەکـانی تۆزێک لە دنکە هەنارێ دوور ئەکەونۆ و لە پڕێکا دنکە هەنارێ دەس ئەکا بە بانگ کردنی خوشکەکانی.

– دادە دادە، دادە دادە ڕاکەن بێن بۆ ئێرا." خوشـکەکانی دنکە هەنارێ خێرا ڕائەکەن بەرەولای دنکە هەنارێ تا بزانن بۆچی بانگیان ئەکات و چی بووە؟!

کاتێ ئەگەنە لای دنکە هەنارێ، دنکە هەنارێ ئێژێ:"دادە تەماشـــاکەن، کونێکی گەورەم دۆزییۆ."خوشـــکەکانی کاتێک تەماشـای کونەکە ئەکەن ئەبینن کونێکی گەورەی تیایە و نازانن کونی چییە؟! یەکێک لە خوشکەکانی دنکە هەنارێ ئێژێ بێنۆ با بچینە خوارۆ بزانین کونی چییە. کاتێ ئەچنە خوارۆ ئەبینن ئەمە کونێکی گەورەیە و سێ دیوی گەورەیشـــی تیایە، یەکێکیان پڕە لە کشـــمیش، یەکێکیان پڕە لە گوێز و ئەویتریشـــیان پڕە لە گەنما. منالەکان وەختێ ســـێ دیوەکە ئەبینن خێرا دەس ئەکەن بە گوێز و کشـــمیش خواردن و کۆکردنەوەی گەنم تا ببیەنۆ بۆ ماڵۆ. دوای نەختێ ئەما دەنگێ لە دوورۆ یەت. دەس ئەکا بە بانگ کردن و ئێژێ: "ئەمە کێ لێرەیە، کێ هاتووە بۆ ماڵەکەی من؟"

منالەکان وەختێ دەنگەکە ئەبیســـن ترس دایانئەگرێ و دنکە هەنارێ لە پشت خوشکەکانیۆ خۆی ئەشارێتۆ و خوشـکەکانیشـی لە ترسـا باوەش ئەکەن بە یەکا. بەڵام ئەبینن کە گورگێکی گەورە لە درگـاکەوۆ یەتە نـاوۆ. گورگەکە وەختێ منـاڵەکـان ئەبینێ زۆر حەز ئەکـا، بیر ئەکاتۆ ئەم کچانە بخەون و بیانخوا.

گورگەکە بەخێراتنیـان ئەکـا و ئەڵێ:"بەخێر بێن. بێنۆ گوێز و کشمیش خۆن" منالەکانیش لە ترسا هیچیان بۆ ناخورێت. وەختێ خەو، خوشـــکەکان دنکەهەنارێ لە ترســـا خەویان لێ ئەکەوێ بەڵام دنکە هەنارێ خەوی نایە.

دێوەکەیش ئێژێ بە دنکە هەنارێ:"دنکەهەنارێ، دنک و منکوو بە دەمم، ئەی تۆ بۆچی ناخەوی؟"

دنکە هەنارێش ئێژێ:"دوێشەو ئەم عانێنا دایکم جاجکەی ئەلکاند بە بێژنا و لە ناویا ئاوی بۆ ئەهانیم."

دێوەکەیش ئەکەوێتە ئەو ناوە و دار بە دار ئەگەڕێ و جـاجکەی لێ کۆ ئەکـاتۆ و ئەیلکێنێت بە بێژنەکەیـا و بێژنەکە پڕ ئەکا لە ئاوو ئەیباتۆ بۆ دنکە هەنارێ.

وەختێ ئەیەتۆ ئێژێ بە دنکە هەنـارێ:"دنکە هەنـارێ، دنک و منکوو بە دەمم ئەوە لە بێژنا ئاویشـــم بۆ هانی، ئێسە بۆ ناخەوی؟"

دنکە هەنـارێیش ئەڵێ:" دوێشـــەو لەم عـانێنـا دایکم برێشـــکەی بۆ ئەکردم." دێوەکە دەس ئەکا بە برێشـــکە کردن بۆ دنکە هەنـارێ و برێشـــکەی بۆ ئێنێ و

ئێژێ:"دنکه هەنارێ، دنکوو منکوو به دەمم، ئەوا برێشکەیشم بۆ کردی ئەی ئیسە بۆچی ناخەوی؟"
دنکه هەنارییش ئێژێ:"دوێشەو لەم عانییا دایکم چیلکەی بۆ کۆ ئەکردمۆ."
دێوەکەیش له ناچارییا دەس ئەکات به چیلکه کۆکردنەوە و ئەڕواته ناو هەردەکە. دنکه هەناریش وەختێ ئەزانێ دێوەکە دوورکەوتۆتۆ خێرا خوشکەکانی خەبەرۆ ئەکاتۆ و بانگردێنێک ئەخاته ژێر پەتووەکان و پەتوەکان ئەیاتۆ به مالیا له کونی دێوەکە ئەڕۆنه دەرۆ و ئەڕۆنه ئەوپەڕی چەمەکەوۆ.

دوای نەختێ دێوەکه یەتۆ و وائەزانێ که گشتیان خەوتوون و خۆیشیان کردووه به ژێر پەتووەکەیۆ. دێوەکه خێرا هەڵمەت ئەبا و قەپ ئەکا به بانگردێنەکەیا و دیانی ئەشکێ. ئەما پەتووەکه لا ئەبا و ئەبینێ که منالەکان رایانکردووه و هان لەو بەر چەمەکەیۆ. لەو بەرۆ بان ئەکا:"دنکه هەنارێ، دنک و منکوو به دەمم، ئەوه چۆن له ڕووبارەکه پەڕینۆ؟"
دنکەهەناریش ئەڵێ:" تایەک له کەوشەکانمان پڕکرد له کا و ئەویتریشمان پڕکرد له ریخ و پەڕینۆ." دێوەکەیش تایەک له کەوشەکانی پڕئەکا له ریخ و تایەکی پڕئەکا له ریخ و خۆی ئەخاته ناو چەمەکە و ئاوی چەمەکه ئەیبا لەگەڵ خۆیا و منالەکانیش ئەڕۆنۆ بۆ مالۆ و دێوەکەیش ئاو ئەیبا. "

**٢,٣. دارشتنەوەی دنکه هەنارێ بەپێی بنەماکانی دارشتنەوە:**

کتێبی *کێ نەخەوتووە؟* دارشتنەوەی چیرۆکی دنکه هەنارێ بۆ سەر زمانی منداڵانیه که له ساڵی ٢٠٢٠ له هەژماری ١٠٠٠ بەرگ له لایەن وەشانگەی پەپوولە و له ٣٥ لاپەڕەدا له شاری سنه چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لێرەدا هەندێک له خاڵ و تایبەتمەندییەکانی دارشتنەوە، بەپێی دەقی ئەم کتێبەدەخەینه بەر باس و لێکدانەوە.

**٢,٣,١. دارشتنەوە بەپێی دەقی کۆن و هاوچەرخ:**

بەپێی ئەو زانیاری و باس و بنەمایانەی سەرەوە که تایبەت به دارشتنەوە هاتبوو، بۆمان دەردەکەوێت که کتێبی *کێ نەخەوتووە؟* بەرهەمێکی دارشتنەوەییه و بەکەڵکوەرگرتن له دەقێکی کۆنی فۆلکلۆریک که ئەفسانەیەکی کۆنه و دەچێته خانەی فۆلکلۆر و ئەفسانەکانەوە، کاری هەڵبژاردن و دارشتنەوەی بۆ کراوە.

**٢,٣,٢. گۆڕانی چوارچێوەی شوناسیی بەرهەمی پێشوو:**

به خوێندنەوەی دەقی سەرەکیی چیرۆکی دنکه هەنارێ و بوونی کۆمەڵێک کەسایەتی وەک دێو، دەبینین که له دەقی دارێژراودا گۆڕانکاری بەسەر شوناسی کەسایەتییەکاندا هاتووه و دێوەکه کەسایەتییەکی ترسێنەری هەیه بووه به ورچێک که ڕوخسار و ئاکار و کردەوەیەکی فانتێزی و خەیاڵاویتری هەیه و منداڵەکانیش که له دەقی سەرەکیدا سێ کچ بوون، له دەقی دارشتنەوەدا بوون به دوو کچ و کوڕێک.

**نموونه دەقی دارێژراو:**

زیلان و زانا و ژینۆ، منالی یەک ماڵ بوون، ئەوان له وەرزی بەهاردا و له ڕۆژێکی حەوتەدا ئەچوون بۆ ناو دارستان بۆ قارچک کۆکردنەوە. (ل ٧).

**٢,٣,٣. بوونی ڕیشەگەلێک له بەرهەمی پێشوودا:**

بەپێی بنەماکانی دارشتنەوە بۆمان دەرکەوت که بوونی ڕیشەگەلێک له بەرهەمی پێشوودا یەکێکه له بنەماکانی دەقی دارشتنەوەیی که دەبێته پێوەندییەک له نێوان دەقی کۆن (فۆلکلۆر) و دەقی هاوچەرخ(دارێژراو) که نووسەر دەتوانێت بەپێی حەز و خواستی خۆی ئەو پێوەندییه له دەقدا دروست بکات. له کتێبی کێ نەخەوتووە؟ کۆمەڵێک ڕیشەی فۆلکلۆریک له ناو دەقەکەدا دەبینرێت که خوێنەر بەرەو لای دەقی سەرەکیی ئەفسانه ڕاکێش دەکات و دەزانێت ئەم دەقه هاوچەرخه ڕیشەیەکی له ناو فۆلکلۆر و ئەفسانەکاندا هەیه و دەیشزانێت که دەقی هاوچەرخ و دارێژراوەکه ئەفسانه نییه و دەقێکی سەربەخۆیە.

**نموونەی دەقی دارشتنەوە:**

ژینۆ و زانا چوون بۆ خوار دارستانەکە، زیلان له پاڵ کونێکی گەورەدا ڕاوەستابوو، ئەوانیش چوون بۆ لای زیلان؛ کەسیان نەیانئەزانی ئەم کونه ماڵی کێیه و کێی تێدایه! ماڵێکی ڕەنگاوڕەنگ، به چەند ڕەنگی سوور و زەرد و پەمەیی داپۆشرابوو. (ل١٢)
ئەگەر له دەقی سەرەکیی ئەفسانەکەدا سەرنج بدەین دەبینین که سێ کچەکه کاتێک دەڕۆنه ناو دارستانەکە، دەگەن به کونێکی گەورە که کونی ورچەکەیه و دواتر دەڕۆنه ناو کونەکه و ...

یەکێکی دیکه لەو نموونانەی که له دەقی دارشتنەوەییدا هاتووه شێوازی دیالۆگ و ئاخافتنی ورچەکه لەگەڵ منداڵەکاندایه که له دەقی دارشتنەوەییدا بەکەڵکوەرگرتن

له گۆرانییەکی فۆلکلۆر[8] و گۆرانی به شێوازێکی فانتێزی و پێکەنیناوی و منداڵانه، هەوڵدراوه که کەشێکی فانتێزی و منداڵانه دروست بکات.

**نموونەی دەق:**

ورچەکه به منداڵەکانی وت:

"میوانه بچکۆلەکانم، مەترسن. بەخێربێن، چاوم ڕۆشن. ئادەی بزانم ناوتان چییه؟ تەمەنتان چەنێکه؟ بچکۆل تۆ له پۆلی چەنێی؟ ئەی تۆ ناوت چییه؟ ئەم قارچکەیشتان بۆ من هێناوه؟! ئەی دەستان خۆش بێت! لەوانەیه زۆریش ماندوو بووبێتن، ئێستا جێگایەکی گەرم و نەرمتان بۆ ڕائەخەم بخەون. جا سبەی له خەو هەستان بۆ نانی بەیانی چایی شیرین و پاستیلتان پ[9]ێ ئەدەم بیخۆن، کولێره و بەستەنیش هەیه. لیستۆکی زۆریشم هەیه، ئەتاندەمی و پێکەوەیش یاری ئەکەین، ئەی چۆن! من گیتاریشم هەیه و گۆرانیش ئەڵێم؛ ئەها، گوێگرن بۆم با بەزمێکتان بۆ بڵێم، بزانن دەنگم خۆشه؟

من ورچێکی زۆر نەگبەتم
کاڵەبەی کاڵێ
زۆر برسیمه و زۆر شەکەتم
کاڵەبەی کاڵێ
چەن جوان بەڕیز ڕاوەستاون
کاڵەبەی کاڵێ
ڕووگەش وێنەی خۆرەتاون
کاڵەبەی کاڵێ
ئادەی هەڵسن با هەڵپەڕین
کاڵەبەی کاڵێ
ماندوویەتی لەناو بەرین
کاڵەبەی کاڵە.

8. گۆرانیی کاڵەبەی کاڵێ، بەرهەمێکی فۆلکلۆری ناوچەی مەریوانه که لێرەدا نووسەر به دەسکارییەوه منداڵانەی کردووه.

**٢,٣,٤. گۆڕانکاری له بنەمای بەرهەمی پێشوو:**

دەقی سەرەکیی چیرۆکی ئەفسانەی دنکه هەنارێ، هەڵگری بنەمایەکی فۆلکلۆرییه که به تەواوی تایبەتمەندی و تام و بۆنی ئەفسانه و ڕاسێکی فۆلکلۆری پێوه دیاره، بەڵام دەقه درێژراوەکه به گشتی تام و بۆنێکی فانتێزی، منداڵانه و لێوانلێو له خەیاڵێکی منداڵانەی تێدا بەدی دەکرێت که سێبەری ترس و دڵەڕاوکێی دەقی سەرەکیی ڕاسەکه وەلادەنێت و به کۆمەڵێک هەڵسوکەوت و دیالۆگی منداڵانەوه به زمانێکی ساده، هەوڵدراوه که لەگەڵ هەست و تێگەیشتن و ئاوەزی منداڵاندا گونجاو بێت و بزه بخاته سەر لێویان.

نموونەی دەق:

کەمێکی پێچوو...

ورچەکه هات و وتی: کێ خەوتووه؟ کێ نەخەوتووه؟

زیلان وتی: گشتی خەوتووه، هەر من نەخەوتووم."

ورچەکه وتی: بۆچی زیته زیت ئەڕوانی؟ بۆ ناخەوی؟ بخەوه، یەگینا بەیانی خوشک و براکەت زووتر له تۆ هەڵئەستن و هەموو پاستیلەکان ئەخۆن، لیستۆکەکانیش ئەبەن بۆ خۆیان و بۆ تۆیش هیچ نامێنێتەوه، دەی بخەوه، ئەی ئافەرم."

زیلان وتی: ئاخر مامۆستای قوتابخانەکەمان وتوویەتی ئەبێ هەموو شەوێ یەک کاتژمێر ئینگلیزی بخوێنم، دوێشەو لەم کاتەدا دایکم وانەی پێ ئەوتم." ( ل٢٦)

نموونەیەکی دیکه کایەکردنی ورچەکەیه لەگەڵ زیلاندا که به شێوازێکی منداڵانەدا وێناکراوه.

ورچەکه وتی: دەی باشه ئیتر بۆ ناخەوی؟

زیلان وتی: دوێشەو لەم کاتەدا لەگەڵ باوکم به حەڵقەی پلاستیکی وەرزشمان ئەکرد."

## تجربه بازآفرینی داستان کودکان از فولکلور: تحلیلی معیارها

**چکیده:**

ادبیات کودکان بخش مهم و اساسی انتقال ادبیات و فرهنگ هر ملتی است. در بیشتر کشورهای پیشرفته، ادبیات کودکان روی جنبه¬های تئوری و عملی آن کار میشود و در سطوح بالایی قرار دارد. در کردی روی این حوزه کار علمی زیادی صورت نگرفته است و متون پژوهشی بسیار اندک است. برای نمونه در مورد اینکه در رابطه با بازآفرینی یا نمونه¬های آن در کردی چه کارهایی انجام شده و راهکارهای آن کدامند، منابع پژوهشی یافت نشد.

در نتیجه تلاش شد که با استفاده از پژوهشهای صورت گرفته ملتهای دیگر، علیرغم بحث در مورد اساس و نحوه و اهمیت بازآفرینی داستان از موضوع فولکلور و نمونه موردی، ویژگیهای بازآفرینی را مورد بحث قرار دهیم. نتایج این تحقیق ممکن است به عنوان آغازی برای باز آفرینی ادبیات کودکان از فولکلور مورد توجه فعالان حوزه ادبیات کودک در زبان کردی قرار گیرد.

**کلیدواژه:** *فولکلور، بازآفرینی، دەنکه هەناری، ادبیات کودکان.*

ورچەکە ئاخێکی هەڵکێشا و دوو حەڵقەی هێنا و لەگەڵ زیلان بە حەڵقەکان دەستیان کرد بە یاری کردن. (ل٣٠)

**٢,٣,٥. هەڵبژاردنی وشە و ڕستەگەلی تایبەت بە ئاستی تێگەیشتنی تەمەنی بەردەنگ:**

هەڵبژاردنی وشە و ڕستەگەلی تایبەت بە ئاستی تێگەیشتنی تەمەنی بەردەنگ، یەکێکە لەو خاڵە گرینگانەی کە پێویستە هەر دەقێکی تایبەت بە منداڵان ڕەچاوی بکات و بە گرینگییەوە بۆی بڕوانێت. بوونی زمانێکی سادە کە لە ئاستی تێگەیشتنی منداڵانەدا بێت، خاڵێکی ئەرێنییە لە ناو دەقێکی منداڵانەدا کە دەتوانێت لە سەرکەوتنی دەقێکدا ڕۆڵ بگێرێت.

لە کتێبی *کێ نەخەوتووە؟* هەوڵدراوە کە بە زمانێکی سادەی منداڵانە، پاراو بە وشەگەلی منداڵان و هەڵبژاردنێکی یەکدەست، دەقی کتێبەکە ببردرێتە ئاستی تێگەیشتنی منداڵان.

**٢,٣,٦. بایەخدان بە چەمکی ئیلهام لە دەقی کۆنی فۆلکلۆر:**

نووسەرێک کە دارشتنەوە بۆ دەقێکی فۆلکلۆر ئەنجام دەدات، سەربەستە لەوەی کە بتوانێت بە ئیلهام وەرگرتن لە دەقی فۆلکلۆرەکە، گۆڕانکاری لە کەسایەتییەکان، ناوەڕۆک و ...ئەنجام بدات. لە کتێبی کێ نەخەوتووەدا لەم بوارانەوە گۆڕانکاریی تێدا بەدیهاتووە بۆ نموونە:

- گۆڕانکاری لە ڕەگەزی کەسایەتییەکان
- گۆڕانکاری لە کەسایەتیی دێو و گۆڕینی بۆ کەسایەتیی ورچ
- گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان و چالاکترکردنەوەیان
- هێنانی کۆمەڵێک چەمکی نوێ، وەک خوێندنی ئینگلیزی، بینینی کارتۆن و وەرزشکردن و...

**٣. ئەنجام:**

لەم توێژینەوەدا هەوڵدرا کە بە هێنانە ئارای چەمکێکی نوێ لە ئەدەبی منداڵان و زەقکردنەوەی لە ئەدەبی کوردیی منداڵاندا، دارشتنەوە بهێنێتە نێو ڕۆژەڤی باسەکانی تایبەت بەم بوارە ئەدەبییە. چیرۆک وەک یەکێک لەو پێنوێنە گرینگانەی ئەدەبی منداڵان دێتە ئەژمار کە بزوێنەری ئاوەز و خەیاڵی منداڵانە و دەبێتە هۆکارێک بۆ گەشەی زیاتری زەینی لە منداڵاندا. نووسینەوە، یانی هێنانی دەقێکی فۆلکلۆر و ئیمڕۆیی کردنی زمانی ئەو دەقە فۆلکلۆریکە و دارشتنەوە یانی؛ خولقاندنەوەیەکی دووبارەی بەرهەمێکی فۆلکلۆری کۆن و گۆڕانی بنەما و ناوەڕۆکی ئەو دەقە فۆلکلۆریکە ( شێعر یا پەخشان) بۆ سەر زمانێکی منداڵانە و تایبەت بە ئاوەز و تێگەیشتنی منداڵانە.

چیرۆکی دنکە هەناری یەکێکە لەو ئەفسانە کۆنە فۆلکلۆریانەی کە جێگای لە ناو دەقە ئەفسانە کۆنەکانی کوردستان و جیهاندایە و کۆمەڵێک گێڕانەوەی لێ بە دەست هاتووە. دەقی سەرەکی ئەم ئەفسانە کۆنە دارشتنەوەی بۆکراوە و وەک کتێبێکی سەربەخۆ بە پاراستنی هەندێک ڕیشەی فۆلکلۆری دەقی سەرەکیی ئەفسانەکە، لە ژێر ناوی کێ نەخەوتووە؟ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

لە کتێبی کێ نەخەوتووە؟ هەوڵدراوە کە بەپێی بنەماکانی دارشتنەوە وەک گۆڕانی چوارچێوەی شوناسیی بەرهەمی پێشوو، بەکارهێنان ڕیشەگەلێک لە بەرهەمی پێشوودا، بایەخدان بە چەمکی ئیلهام لە دەقی کۆنی دارێژراودا،لابردنی ئەندێشە زاڵەکان بەسەر دەقی کۆن و هێنانی ئەندێشەی نوێ لە بەرهەمی دارێژراو لە ئاستی زمان و تێگەیشتنی بەردەنگ، هەڵبژاردنی وشە و ڕستەگەلی تایبەت بە ئاستی تێگەیشتنی تەمەنی بەردەنگ، گۆڕانکاری لە بنەمای بەرهەمی پێشوو و لە ئاکامدا خولقاندنی ناوەڕۆکی نوێ، بەرهەمێکی نوێ تایبەت بە منداڵان بخولقێنێت.

**٤. سەرچاوەکان:**

**فارسی**

بابوئی ملک رودی، فرنگیس (1396) *نقد و بررسی داستان‌های بازآفرینی شده از اشعار پروین اعتصامی برای کودکان*، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه گیلان

پایور، جعفر (1388) *بازنویسی و بازآفرینی در ادبیات*، تهران :کتابدار

ذبیح نیا عمران، یگانه مهر، حسین ( 1393) *بازآفرینی و بازنویسی در ادبیات کودک و نوجوان*، تهران: انتشارات فدک ایساتیس.

رجبی، نرجس (1398) *کتابشناسی آثار بازنویسی و بازآفرینی و اقتباس شده از آثار سعدی برای کودکان و نوجوانان*، پایاننامه کارشناسی ارشد دانشگاه پیام نور، واحد تهران جنوب

روزبه، روح اله، انوشیروانی، علیرضا(1395) *فیلم هزار و یک شب در آیینه بازآفرینی ادبی* کاوش نامه ادبیات تطبیقی ( مطالعات تطبیقی عربی- فارسی) دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی کرمانشاه شماره 22

مشیدی، جلیل، غلامی، سمانه (1395) *نقد تطبیقی حکایت " نحوی و کشتیبان" با متن بازآفرینی شده آن، حکایت مرد و دریا، از نظر*

*عناصر داستان* مجله علمی پژوهشی مطالعات ادبیات کودک دانشگاه شیراز شماره 15

مێهرەبان، ئارش (١٤٠٠) کێ نەخەوتووە؟!، سنە: وەشانگەی پەپوولە

نیری، یوسف، مرتضایی، پروین (1392) *شخصیت و شخصیت پردازی در آثار اقتباسی از مثنوی مولوی برای کودکان و نوجوانان* مجله علمی پژوهشی مطالعات ادبیات کودک دانشگاه شیراز شماره 7

وهابی دریاکناری، رقیه، حسینی، مریم(1395) *انواع بازنویسی و بازآفرینی‌های بهرام بیضایی از داستان‌های کهن* دو فصلنامه زبان و ادبیات فارسی شماره 82

یوسفی، محمدرضا (1388) *از گردآوری تا بازآفرینی افسانه‌های ایرانی* فصلنامه فرهنگ مردم ایران شماره 17

Meraklis, Michael: "*Däumling und Menschenfresser*". In: EM 3 (1981), Spalten 360-365.

## پەراوێز:

1. Recreating
2. Rewriting

1. وەک بەرهەمەکانی مەهدی ئازەر یەزدی لە فارسیدا (قصه های خوب برای بچه های خوب) و کۆمەڵە کتێبەکانی ساکار کراوە ( Simplified, book worms and stages series) لە ئینگلیزیدا.

1. Harris
1. Sandres

1. سپاس بۆ دکتۆر سینا ئەمانی ( دکتۆرای بواری فۆلکلۆر و پۆلێنبەندیی چیرۆکە کوردییەکان لە زانکۆی گوتینگێنی ئاڵمان) کە لەم بەشەدا یارمەتیدەرمان بوو.

1. Aarne–Thompson–Uther Index (ATU Index)

1. گۆرانیی کاڵەبەی کاڵێ، بەرهەمێکی فۆلکلۆری ناوچەی مەریوانە کە لێرەدا نووسەر بە دەسکارییەوە منداڵانەی کردووە.

## تجربه بازآفرینی داستان کودکان از فولکلور: تحلیلی معیارها

**چکیده:**

ادبیات کودکان بخش مهم و اساسی انتقال ادبیات و فرهنگ هر ملتی است. در بیشتر کشورهای پیشرفته، ادبیات کودکان روی جنبه¬های تئوری و عملی آن کار میشود و در سطوح بالایی قرار دارد. در کردی روی این حوزه کار علمی زیادی صورت نگرفته است و متون پژوهشی بسیار اندک است. برای نمونه در مورد اینکه در رابطه با بازآفرینی یا نمونه¬های آن در کردی چه کارهایی انجام شده و راهکارهای آن کدامند، منابع پژوهشی یافت نشد.

در نتیجه تلاش شد که با استفاده از پژوهشهای صورت گرفته ملتهای دیگر، علیرغم بحث در مورد اساس و نحوه و اهمیت بازآفرینی داستان از موضوع فولکلور و نمونه موردی، ویژگیهای بازآفرینی را مورد بحث قرار دهیم. نتایج این تحقیق ممکن است به عنوان آغازی برای باز آفرینی ادبیات کودکان از فولکلور مورد توجه فعالان حوزه ادبیات کودک در زبان کردی قرار گیرد.

**کلیدواژه:** *فولکلور، بازآفرینی، دەنکە هەناری، ادبیات کودکان.*

### Experience of recreating children stories from folklore: criteria analysis

**Abstract:**

Children literature is an important and fundamental for transforming culture, literary text, education and leasure in every nation. In developed countries researchers and practitioners are working on children literature theoretically and practically. In other words this field is scientifically under investigation and is used practically. Unfortunately, there is few resources to guide Kurdish writers for rewriting and recreating children stories from folklore, while Kurdish folks and culture has the potential to create all genres of children literatures. In this research we reviewed related literature to compile basics of recreation and exemplify those principles as guideline with comparing "Danke Henare" text with compiled basics. As a result, researchers and practitioners may use this work as sample in recreating children stories from folks.

**Keywords:** *Folklore,Recreating,Denke Henare,Children's Literature.*